**ماددەی حەوتەم :**

**ڕاپۆرتی کۆتایی و ئەنجامەکان دەبێت لەلایەن ب.گ.توێژینەوەو ڕێنمایی پەسند بکرێت وە لە ڕێگای ب.گ. ناوبراو بنێردرێت بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەمەبەستی تۆمارکردن و پەسند کردنی .**

**ماددەی هەشتەم :**

**ئەم کۆمپانیانەی ئێستا لە کاردان دەبێت لەماوەی (3) مانگ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژنامەی فەرمی کاروباری خۆیان بگونجێنن وەك لەم ڕێنماییەدا هاتووە .**

**ماددەی نۆیەم :**

**کار بەم ڕێنماییە دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .**

**عبد الستار مجيد**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (15)ی ساڵی 2007، بریارماندابە :-**

**بەیانی ژمارە ( 19 )ی ساڵی 2015**

- **کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی کوبانێ ) بۆ ئاوارەکانی کەمپی قەزای ئاکرێ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك.**
- **ئەم بەیانەکاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە ریکەوتی 2015/3/8.**

**بەیانی ژمارە ( 20 )ی ساڵی 2015**

- **کردنەوەی ( هۆبەی ئاوارە و پەناهەندەکان ) لە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .**
- **ئەم بەیانەکاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە ریکەوتی 2015/3/9.**

**بەیانی ژمارە ( 21 )ی ساڵی 2015**

- کردنەوەی ( هۆبەی یاسایی ) لە بەرێوەبەرایەتی تەندروستی خەبات سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانەکاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رێکەوتی **2015/3/15**.

**بەیانی ژمارە ( 22 )ی ساڵی** 2015

- کردنەوەی (هۆبەی سوتەمەنی ) سەر بە بەشی خزمەتگوزاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانەکاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رێکەوتی **2015/3/31**.

**بەیانی ژمارە ( 23 )ی ساڵی** 2015

- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی بەشی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی ڕاپەرین ) لە ناو بینای بەشی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی ڕاپەرین لە ڕانیە سەر بەبەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین.
- ئەم بەیانەکاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رێکەوتی **2015/3/31**.

**بەیانی ژمارە ( 24 )ی ساڵی** 2015

- کردنەوەی ( نەخۆشخانەی منداڵانی کوردستان )ی تایبەت لە شاری هەولێر بە مەرجێك پابەندبێت بە گشت ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەیی وە سەندیکای پزیشکانی کوردستان .
- ئەم بەیانەکاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رێکەوتی **2015/4/8**.

**د.ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیـری تـەنـدروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (15)ی ساڵی 2007، بریارماندابە :-**

**بەیانی ژمارە ( 25 )ی ساڵی** 2015

- کردنەوەی (بنکەی تەندروستی خێرخوازی سەرهەڵدان ) لە قەزای زاخۆ سەر بـە بەڕێوەبەرایـەتی گشتی تەندروستی دهۆك بە مەرجێك پابەندبێت بە گشت ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروسـتی و ژینگە یی وە سەندیکای پزیشکانی کوردستان .
- ئەم بەیانەکاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رێکەوتی **2015/4/12**.

**بەیانی ژمارە ( 26 )ی ساڵی** 2015

- گۆڕینی (بەشی ئەندازە ) بۆ (بەڕێوەبەرایەتی ئەندازە) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانەکاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رێکەوتی **2015/4/12**.

**بەیانی ژمارە ( 28 )ی ساڵی 2015**

- گۆڕینی ( یەکەی فایل ) بۆ ( هۆبەی فایل ) لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەناوی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانەکاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رێکەوتی **2015/4/16**.

**بەیانی ژمارە ( 29 )ی ساڵی 2015**

- کردنەوەی ( هۆبەی پزیشکی گشتی و هۆبەی برین پێچی ژنان و پیاوان ) لە مەڵبەندی تەندروستی فەرمانبەران سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانەکاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رێکەوتی **2015/4/16**.

**بەیانی ژمارە ( 30 )ی ساڵی 2015**

- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی ) لەدۆڵی هیران لە گوندی پونگینە لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شەقلاوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانەکاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رێکەوتی **2015/4/16**.

**د.ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (15)ی ساڵی 2007، بڕیارماندابە :-**

**بەیانی ژمارە ( 31 )ی ساڵی 2015**

- کردنەوەی (بەشی جنتك ( Molecular Genetics and Engineering ) لە نەخۆشخانەی نانەکەلی. سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانەکاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رێکەوتی **2015/4/16**.

**بەیانی ژمارە ( 32 )ی ساڵی 2015**

- گۆرینی ( هۆبەی ئاوارە و پەناهەندەکان) بۆ ( بەشی ئاوارە و پەناهەندەکان ) لە بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانەکاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رێکەوتی **2015/4/28.**

**بەیانی ژمارە ( 33 )ی ساڵی 2015**

- کردنەوەی (نەخۆشخانەی وان گلۆباڵ )ی گشتی تایبەتی لە شاری دهۆك بە مەرجێك پابەندبێت بە گشت رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەیی وە سەندیکای پزیشکانی کوردستان .
- ئەم بەیانەکاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رێکەوتی **2015/4/28.**

**بەیانی ژمارە ( 34 )ی ساڵی 2015**

- گۆرینی ناوی (کلینکی ڕاوێژکاری نەخۆشیەکانی سنگ) بۆ ( سەنتەری ڕاوێژکاری نەخۆشیەکانی سنگ و هەناسە ) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانەکاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رێکەوتی **2015/4/28.**

**بەیانی ژمارە ( 35 )ی ساڵی 2015**

کردنەوەی (هۆبەی کاروباری هونەری) و ( هۆبەی خزمەتگوزاری) لەم بەرێوەبەرایەتیە تەندروستیانەی خوارەوە سەربە بەرێوەبەراتی گشتی تەندروستی هەولێر.

بەێوەبەرایەتی تەندروستی **1**- خەبات **2**- دەشتی هەولێر **3**- شەقلاوە **4**- چۆمان **5**- بارزان

-ئەم بەیانەکاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رێکەوتی **2015/4/28.**

**د.ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیـری تـەنـدروستی**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة الاقليم**
**الرئيس**

**باسم الشعب**

**قـرار**

**رقم ( 6 ) لسنة 2015**